# گەشتی «ئووژین فلاندین» بە ناوچە کوردنشینەکاندا

لە فەڕەنسییەوە بۆ فارسی: حسەین نوورسادیقی
لە فارسییەوە: فەرامەرز ئاغابەیگی
(یەزد)

(٢- ٢)

لە قوستەنتەنییەوەش چەند فێرکاری هێناوە و زۆر پێیان ئومێدوارە. لە بە تەمەنەکان، بڕوایی بە ئەفسەرێک هەیە کە لە ئەرتەشی پاشای میسردا خزمەتی کردووە. ئەحمەدبەگ ویستی ڕێژەچوون (سان) و چالاکیی سەربازەکانی خۆیمان پێ نیشان بدا، بۆیە فەرمانی دا کە لە بەرانبەرمان ڕێژەبچن. دەتوانم بڵێم چاوەڕوانم نەدەکرد تا ئەو ڕادەیە چالاکیی هێزەکانی باش بێ. وەختێ تاریفی زیرەکی و لێهاتوویی سەربازەکانمان کرد، زۆری پێ خۆشحاڵ و غللوور بوو. لە وەڵامدا وتی: «ئەم سەربازانە لەژێر دەستی فێرکارە فەڕەنسییەکان ڕاهاتوون.»، لەپاشان سوارەکانی هاتن کە هیچ نەزم و تەکووزیان لە کاردا نەبوو، دواتر چەند تۆپیان هێنا کە کۆن و لە کارکەوتوو بوون، بەڵام پاشا ئەوانی بە مایەی شانازی خۆی دەزانی.

ئەحمەدپاشا گەنج و کەم ئەزموونە، بەڵام کوردەکان بڕوای تەواویان پێی هەیە و لە شێوەی دادوەری و بەڕێوەبردنی کاروباردا، بەشیاوی دەزانن. لە ڕوانگەی گەڕۆکەکانیشەوە بە هۆی سزادانی ئاژاوەچییان، وەک کەسێکی هێزدار و مەزن چاولێکراوە و بە قیلیچ پاشا، یان پاشای شیروەشێن (٢٢) ناسراوە، بابوباپیری لە کۆنترین تایەفەکانی کوردن. شازادەکانی بنەماڵەی لە سەردەمی جیاوازدا کاری بەرچاویان کردووە، عەبدولڕەحمان پاشاش بەهۆی ئەو شەڕانەی لە بەرانبەر دەوڵەتی عوسمانی و پاشای بەغدا

کـردی، نێوبانگـی دەرکـرد.

ڕۆژێکـی تـەواو لـە سلێمانی ماینـەوە و لـە خێوەتـی ئەحمەدپاشادا نانـی نیوەڕۆمـان خـوارد. ئێـوارێ کـە دەمانویست بـەڕێ کەوین، پاشا نەفەرێکی لەگەڵمان نـارد کـە هـەم ڕێ نیشاندەرمان بێ، هەمیش نەهێڵێ شـاییەک خـەرج بکەیـن. شـەو گەیشـتینە گونـدی قـەرەداغ کـە لـە داوێنـی کێـو هەڵکەوتـووە و بـە دۆڵ دەورە دراوە. ئـەم گونـدە لـە لای باشـوورەوە بـە کێـوی سـەگرمە (٢٣) بەسـتراوەتەوە کـە لـە نێـوان دەشـتی دووچۆمـان و ناوچـە کوردنشـینەکان وەک دیوارێکـی سروشـتی بەهەژمـار دێ.

عەبدولڕەحمـان پاشـا کاتێـک لەگـەڵ پاشـای بەغدا بەشـەڕ هـات، ئـەم شـوێنەی وەک شـەرگە بـۆ خـۆی هەڵبـژارد و لەوێـوە بـەردەوام دەسـتی بـە پەلاماردان کـرد. لـەو کاتـەوە ئـەم شـوێنە بـووە هێڵێکـی گرینگـی بەرگـری و تەنیـا بـە ڕێیەکـدا دەتوانـی لێـی تێپـەڕ بیـت کـە ئەویـش زۆر تەنگـەڵان و چەتـوون بـوو. پاشـا بـۆ خـۆی لـەم شـوێنە هێنـدێ تاووتـووی کـرد تـا لـە تێپەڕبوونـی نەزامییەکانـی تـورک بەرگـری بـکا و سـەرەنجام توانـی قەڵایـەک لـە ترۆپکـی کێـو سـاز بـکا کـە بەداخـەوە قەڵاکـە تێـک ڕمـا و پاشـای سـەربزێویش ناچـار هـەڵات و ماوەیـەک لـە سـنە بەشـێوەی تـاراوی ژیـا. ئێمـە بەنـاو کەلاوەکانـی ئـەم قـەڵا کوردییـەدا تێپەڕبوویـن، پاشـان بـە سـەراولێژییەک گەیشـتین کـە بێشـەڵان بـوو. لێـرەوە ئـەدی دەشـتێک وەدیـار کـەوت کـە هیـچ کێـو و لەمپەرێکـی بـە دەورەوە نەبـوو.

دوای هەشـت کاتژمێـر بـە چەنـد خێوەتـی کـورد گەیشـتین، ڕۆژی دواتـر بـەڕێ کەوتیـن و ڕێ نیشـاندەر ئێمـەی لـە خێوەتێکـی زۆر بـاش جـێ دا کـە لـە لێـوار ڕووبـاری دلـوو (٢٤) بـوو. ئـەم ناوچەیە هاوینەهـەواری تاقمێـک بـوو کـە لـە سـەرۆکێک بەنـاوی ڕۆسـتەم ئاغـا پەیڕەوییـان دەکـرد. ڕۆسـتەم ئاغـا لـە گوندەکـەی خـۆی بەنـاوی برایـم خانچـی، کـە لەگـەڵ ئـەم ناوچەیـە زەویـان لێـک دەگەڕێتـەوە، میواندارییەکـی شـایانی لـێ کردیـن، بـەڵام لـە مـاوەی میوانداریيەکـەی زۆری خسـتینە زەحمەتـەوە؛ چـون بـەردەوام پرسـیاری دەکـرد و ناچـار بوویـن وەڵامـی هەمـوو پرسـیارەکانی بدەینـەوە. هەڵبـەت بەبـێ پشـتیوانی پاشـای سـلێمانی، خاترجـەم نەماندەتوانـی لـە چاوچنۆکیـی ڕۆسـتەم ئاغـا ڕزگار بیـن. بـۆ ئـەوەی خاتـری ڕاگریـن و لێمـان ڕازی بـێ، چەقۆیـەک و چەنـد مقەسـت و کەپسـوول و چـا و قەنـد و کاغـەز و زۆر وردە کەلوپەلـی ترمـان ئاراسـتە کـرد. ئەوانـەی هەمـوو لـێ قبـووڵ کردیـن، کەچـی ناڕەزایەتـی بـە نێوچاوانییـەوە دیـار بـوو، وای دەنوانـد کـە بـە هیـوا بـوو شمشـێر و دەمانچـە و تفەنگـی پێشـکەش بکەیـن، بـەڵام ئـەم چەکانـە بـۆ پارێزگاریمـان پێویسـت بـوون، نەماندەتوانـی بـێ ئـەوان درێـژە بـە سـەفەرەکەمان بدەیـن. کاتژمێـر نـۆی شـەو، ئـۆردووی گونـدی برایـم خانچیمـان بەجـێ هێشـت.

ئێسـتا ڕۆژی یەکەمـی جۆزەردانـە، هەتاو لەوپەڕی گەرمـای خـۆی دایـە و ئێمـە لـە چیـا بەرزەکانـەوە شـۆڕبووینەوە خـوار، ئیتـر برسـتی چوونەپێشـمان نەمابـوو، نەماندەتوانـی لـە ڕۆژدا درێـژە بـە سـەفەرەکەمان بدەیـن، بـەو هۆیـە وامـان بەباشـتر زانـی کـە شـەوانە حەرەکـەت بکەیـن و بەڕۆژیـش پشـوو دەربکەیـن. سبەی بەیانـی بـە شـارۆچکەی کفـری گەیشـتین کـە لـە ناوەڕاسـت بیابانـدا هەڵکەوتبـوو. لەژێـر سـێبەری چەنـد دارخورمـادا نیشـتەجێ بوویـن. ڕۆژێـک لـەوێ ماینـەوە تـا وڵاغەکانمـان بحەسـێنەوە. شـەوی دواتـر بـەڕێ کەوتیـن، هـەوا هێنـد تاریـک بـوو کـە نەمانزانـی تاقمێـک هێـزی پیـادەی ناتەکـووز (پیادەنظـام نامنظـم)، بەرەوڕوومـان دێـن کـە بریتـی بـوون لـە

گرووپێک سەربازی پیادە، کە پاشای بەغدا بۆ سلێمانی دەناردن.

تاوهەڵات لامان دا گوندی قەرەتەپە (٢٥) کە زۆر ناخۆش و نابووتە بوو، پاشان بەرەو کاروانسەرای دلووئاباد (٢٦) چووین کە لە لێو ڕووبارێکی پڕ ئاو، هەر بەو ناوە هەڵکەوتبوو. بەدرێژیی ڕۆژ لە تەویلەیەکدا ماینەوە تا لە گەرمای خۆر لە ئەماندا بین.

کە ڕۆژ ئاوا بوو، بە دەشتە بێ ئاو و لەوەڕەکاندا تێپەڕ بووین؛ هیچ شتێ لە تاریکیدا نەیدەتوانی ئێمە لە سەفەری دوورودرێژ لاڕێ بکا، فەرمانمان دابووە دەست ئەسپەکانمان و لەگەڵ خەو ململانێمان دەکرد. لە دلووئابادەوە دوای حەوت کاتژمێر ڕێ بڕین، لامان دا چەند کۆخی کەلاوە بۆ پشوو دەرکردن کە هیچ گوندێکیان بە دەورەوە نەبوو. لەم کەلاوانەوە، پاشان بە یەکێک لە گوندە گەورەکانی عەرەبنشین لە قەراغ دیجلە بە ناوی یەنگیجییە؟ (٢٧) گەیشتین کە خاوەن دارخورمایەکی زۆر و کاروانسەرایەکی جوان بوو. شوکرانەبژێر بووین کە لە ماوەی سی و چوار ڕۆژ سەفەر لە تەورێزەوە تا ئێرە، هیچ پێشهاتێکمان بۆ نەهاتەپێش و بەسەلامەتی گەیشتینە بەرەوە. بە هەڵاتنی یەکەم تیشکی خۆر، منارەکانی بەغدا لە سەرووی ئاسۆوە وەدەرکەوتن، لەم ڕوویەوە زۆر خۆشحاڵ بووین و بۆ شارە جوانەکەی خەلیفەکانی بەغدا سڵاومان نارد.

بەیانی ڕۆژی حەوتی پووشپەڕ، بە دەروازەی بابولخادم (٢٨) گەیشتین. وەختێک گەیشتینە بەغدا، بێجگە لە پاسەوانەکان، کەس بەخەبەر نەبوو. پێشتر ئاگادار کرابووینەوە کە باڵوێزی فەڕەنسا ئاغای لۆئوو ویمار (٢٩) لەگەڵ سەرۆک وەزیر ئاغای ویدال (٣٠)، لەم شارە نیشتەجێن، بەڵام ئاخۆ گونجاوە بچینە لایان و داوای جێیان لێ بکەین؟ ئەم دوو بەڕێزە لە شار سەقامگیر نەبووبوون، بەڵکوو لە باخێک لەلای دیجلە کە پاشا پێی دابوون، نیشتەجێ بووبوون. ئەوان چەند ڕۆژێکە هاتوونەتە بەغدا و هێشتا شوێنێکیان بۆ خۆیان دابین نەکردووە و بەشێوەی فەرمیش لەلایەن پاشاوە وەرنەگیراون، هەر وا لە ژێر دارخۆرماکان خێوەتیان هەڵداوە. کەوابوو ناتوانن هیچ کارێکمان بۆ بکەن.

هەر چۆن بوو ماڵێکمان دۆزییەوە و بە چەند تمەن بە کرێمان گرت. ماوەی مانەوەمان لە بەغدا درێژخایەنە؛ چونکە دەبێ لە دەورووپشتی، بەتایبەت لە تیسفوون و بابل، کە نەوەی پێویست ڕەعەمەل بێنین؛ هەر بۆیە لە سەرەتای هاتنمانەوە سەرقاڵی گەشت و بینینی ئاسەواری بەغدا بووین. ئەم شارە کە لە سەرەتای سەردەمی ئیسلامەوە بووەتە زێدی خەلیفەکان و لە هەر دەورانێک بایەخی پێدراوە، لە ڕوانگەی ئەورووپاییەکانیشەوە پێگەی بەڕێز و گرینگایەتی تایبەتی هەبووە. هەزارویەک شەوە کە لە وەسفیدا وتوویانە، ناوی کتێبێکی خۆشە کە زۆر بەناوبانگە. ئێستا بەغدا ڕوو بە کاولی دەڕوا و ڕووکاری ئەو بینایەی وا هاروونە ڕەشید و زبێدەخاتوون دروستیان کردووە بە تۆزوخۆڵێکی زۆر سواغ دراوە و بە زەحمەت ئاسەواریان دیارە. وەختێ لە بازاڕەکان و لێواری دیجلە و ناو کەلاوە بێ ناونیشانەکان دەگەڕاین، یان بەردەنووسی کووفی و منارە کۆنەکان و کاشیکاری دیوارەکانمان چاو لێ دەکرد، بۆمان دەردەکەوت کە هەموو نیشاندەری شارستانییەتێکە کە کاتی خۆی لەگەڵ ئێستانبووڵ (٣١) کێبەڕکێی کردووە. ئێستا ئەم شارە گەورەیە، شوێنەواری ناسراوی وای لێ نەماوە هەتا سەردەمی عەباسییەکان وەبیر بخاتەوە. هەوڵی من بۆ گەڕان بەدوای مزگەوتەکۆنەکانی موسڵمانان بێ سوود بوو. یازدە

سەدە لە دامەزرانی ئەم شارە تێپەڕیوە و ئێستا ئیتر لە دامەزرێنەری شار، ئەبوومەنسوور خەلیفەی عەباسی، ناوونیشانێک نەماوە، تەنانەت ئاسەواری پڕ شکۆی، بەهۆی شەڕی بەردەوام و زاڵبوونی تورکە سەرکێشەکان و تۆغیانی فورات و باوبڕی ترسێنەری ساراکان، لەناوچووە.

گەڕۆکێ کە ئەمڕۆ پێ دەنێتە دەروازەی بەغداوە لە بینینی ئەم شارە واق وڕدەمێنێ؛ چونکە هێشتا ئاسەوارێکی لێ ماوە کە مرۆڤ کەیفساز بکات: شەتی عەرەب و ئاسمانی پاکی دووچۆمان، ئێستەش درەوشاوەیی و جوانی پێ دەبەخشێ، بارخانە زلەکانی کاڵای بازرگانی و بازاڕە گەورەکانی، هێشتاش شیاوی سەردانن. لەم شارەدا بەروبووم و پیشەی چەند وڵات مامەڵە دەکرێ. کەشتییەکانی کەنداوی فارس لە بەغدا لەنگەر دەگرن و کاروانەکانی ئاسیای بچووک و وشترەکانی عەرەبستان و شامیش لەوێ بارەکانیان دادەبەزێنن. لە ڕۆژهەڵاتەوە تا ڕۆژاوا، لە باکوورەوە تا باشوور؛ تەواوی ئاسیا لەگەڵ بەغدا پێوەندی هەیە و گەورەترین بازاڕی بازرگانی دنیاشە. بۆ ئەوەی گرینگی دانوستانەکەی (تجارت) بگەیەنین، هەر ئەوەندە بەسە بڵێین کە خاوەن شەست بنکەی بازرگانیی ئەورووپاییە.

بەغدا شارێکی گەورەیە و لە دوورەوە منارە و گونبەتەکانی پەیدایە. لە لای ڕۆژهەڵاتەوە دیوارێکی هەیە کە چەند مەتەرێز و قوڵکی گەورەی تێکراوە و لە دوو لاوە بەرەو بەستێنی دیجلە کێشراوە کە بەشی ڕۆژاوای شار ئاوی لێ دەخواتەوە. کۆشکی پاشا و مزگەوت و قاوەخانە و خانووبەرە و باغەکان کە وێنەیان دەکەوێتە ئاوەوە، حاڵەتێکی زۆر جوانی پێ دەبەخشن و زیاتر وەبەرەوی دەخەن. لە پێش ئەو شوێنەی کە لەلێو چەپی شەت ساز کراوە، پردێکی گەورەیان بە بەلەم دروست کردووە کە هەر دوو لای بەستێنەکەی پێکەوە لکاندووە و بەردەوام کاروان و زیارەتکەران پێیدا هاتوچۆ دەکەن. لای ڕاستی بەستێنەکە، گرینگییەکی تایبەتی هەیە و لەگەڵ ئەو بەری، هیچ شیاوی پێک گرتن نییە و دەتوانین بڵێین شارێکی گەورەیە. خەڵکەکەی لە عەرەبی ڕەوەندی و ئێرانی پێکهاتووە. جیاوازیی مەزەبی و دژایەتی نێوان شیعە و سوننە کە هەر هەبووە و بەردەوامە، بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەم ناوچەیە بۆ شیعەکان بڕ بدرێ. بەسۆنگەی ئەوەی زیارەتکەرانی کەربەلا لەم ناوچەیەدا دەمێننەوە، جەماوەرەکەی بەردەوام لەژێر ئازار و ستەمی بەغدادییەکان دان. «ظل السطان» کە دەیویست لەگەڵ پاشای ئێران، محەمەدشا، بەشەڕ بێت و ئێران بگرێتەوە، لەم ناوچەیە نیشتەجێ بووە. کەم و زۆر بۆ خۆی دەربارێکی بچووکی ڕێک خستووە و ئینگلیزەکانیش بە هەر بارێکدا یارمەتی دەدەن.

ئەو بەشەی شار کە دەکەوێتە نێوان شەت و حەسارەکانی بەغداوە، زۆر بەرینە و گرینگایەتییەکەی، زیاتر بەهۆی ڕێژەی زۆری ئەوماڵانەیە کە تێیدا سازکراوە. لە بەشی ڕۆژهەڵات و باشووریدا، زەویوزارێکی بەربڵاو هەیە کە بووەتە شوێنی لەوەڕگەی وشتران. لە ڕووی ئاسەواری بەجێماو، بۆمان دەردەکەوێ کە هەرگیز ناتوانین بەغدای ئێستا لەگەڵ ڕابوردوو پێک بگرین؛ بەغدای زوو، گرینگییەکی تایبەتی هەبووە. جەماوەری بەغدا ئێستا نزیکەی پەنجا هەزار کەسە کە تاقمێک لەوان گاور و کلدانین.

پاشایەتی بەغدا لە زەمانی زوودا، بەشێوەی میراتی بەڕێوەدەچوو؛ پاشاکانی بۆ ئەربابی گەورە زۆر ڕێز قایل بوون؛ ئەمڕۆ دەرباری دەوڵەتی عوسمانی (٣٢) ئەوان دیاری دەکات. پارێزگای بەغدا ئێستا یەکێک لە گرینگترین ناوچەکانە و بەڕێوەبردنەکەشی زۆر چەتوونە.

قەڵەمڕەوی پاشای بەغدا لە کەنداوی فارسەوە تا چیاکانی کاردۆخ (٣٣) و لە سنووری ئێرانیشەوە تا بەستێنی ڕاستی فورات دەکێشرێ؛ واتە نزیک دووسەت فرسەخ درێژایی و سەت فرسەخ پانایی هەیە. پاشاکانی حاڵی حازر ئەوەندەیان هێز و دەسەڵات نییە کە تایەفە خێوەت نشینەکان بخەنە ژێر فەرمانی خۆیانەوە. جاری وا هەڵکەوتووە کە عەرەبەکان، دەوری شاریان گەمارۆ داوە. چوار تایەفەی گەورە کە لە بیابان خێوەتیان هەڵداوە و بەسەر بەغدادا فەرمانڕەوایی دەکەن بریتین لە: مۆنتەفیکەکان، شامارەکان، ئەبووبیلەکان و جەربانەکان؟ (٣٤) کە دەتوانن نزیک بیست هەزار سوار ئامادە بکەن و خەڵک زۆریان لێ دەترسن؛ بەجۆرێک کە ئەگەر لە دەشت بن، کەس زات ناکا لە شار دەرکەوێ.

بەغدا یەکێک لە گرینگترین شوێنگەلی بەشی ئاسیا بەهەژمار دێ؛ چون لە یەک لاوە شەتێکی گەورە کە دەڕژێتە زەریای هیندەوە، ئاوی لێ دەخواتەوە و لە لایەکی تریشەوە لە دوا خاڵی قەڵەمڕەوی عوسمانی هەڵکەوتووە، هەروەها پیشەسازی و شارستانیەتی بابلییەکانیش وەبیر دێنێتەوە. نزیکەی سەد چۆم، ئەم شارە و دەوروبەرەکەی تێرئاو دەکەن. هەموو شوێنەکێڵدراوەکان، پیشاندەری ئەوەن کە پێشینیان چۆن ئەم ناوچەیەیان وەبرشت خستووە. لەم مەڵبەندە، نیل و نەیشەکەر و قاوە و کەتان و زۆر شتی تر بەرهەم دێت.

ئینگلیزەکان لە بیست ساڵ لەمەوبەرەوە هەستیان بە گرینگایەتی ئەم شارە کردووە و هەر بەو هۆیەش، هەر ڕۆژ دەستەوداوێنی شتێک دەبن کە بیخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە، ئێستا تاقمێک سەربازی ئینگلیزی و هیندی، لەم شارە کۆوەجێ بوون. تۆپەکان لە ناوەوە و گەمییەکانی سەر بە ئینگلیزیش لە بەستێنەوە، سەرقاڵی عەمەلیاتن تا بەڵکوو ئەم شارە ڕادەستی ئینگلیز بکەن.

فەرەنسا تا ئێستا کە ساڵی ١٨٤١ی زایینیە [مەبەست کاتی سەردانی گەڕۆک] لەگەڵ ئەم مەڵبەندە دووردەستانە پێوەندییەکی ئەوتۆی ساز نەداوە و بێجگە لە کارگێڕانی ڕامیاری، کەسێکی بۆ ئەم شوێنانە ڕانەسپاردووە؛ لەگەڵ ئەوەش سیاسەت و ڕەوشتی فەرەنسا، هەمیشە لە ئینگلیز میانەڕۆترە. ئەم وڵاتانە، لە دەسەڵات و مێژوو، یان پێوەندییەکان و سیاسەتی فەرەنسا هیچ ئاگادار نین. فەرەنساش بەهیوا نییە شێوازی پێشووی بگۆڕێ و بەشێوەیەکی تر بێتە ئاراوە. هەر وەک لەسەرەوە باسم کرد لە کاتی گەیشتنمان بۆ بەغدا، ئاگادار بووینەوە ئاغای لۆئوو ویمار، باڵوێزی فەرەنسا لەم شارەیە. هەستم کرد فەرەنساش ڕێگای گەشەی گرتووەتەبەر و کەمێک هەنگاوی خێراتر کردووەتەوە، بەڵام نەک بەو ڕادەیەی کە پێش بە دەستدرێژی ئینگلیز بگرێ. هێشتا بیست ساڵ لە سەرەتای دەستدرێژی ئینگلیز بەم ناوچەیە تێنەپەڕیوە کە هەمووی گرتووەتەوە و بەخەیاڵە بەزوویی ببێتە خاوەنی. هەموو لە ئاکامی بەردەوامیی و ورە و بڕیارەوەیە کە ئینگلیز بووەتە خاوەن دەوڵەتێکی گەورە و زۆردار، بەپێچەوانەوە فەرەنسا بەهۆی بێ ئیرادەیی جەماوەر و شێوەی حکوومەت، نەیویستووە ڕەوشتێکی تۆکمە بگرێتەبەر. وەک ڕۆژ لێم دیارە کە باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە بەغدا، بەم زووانە هەڵدەوشێتەوە. (٣٥) هەروەها فەرەنسا لە بەسرە، کە شارێکی گرینگە و لە شوێنی دابڕانی دوو چۆمی دیجلە و فورات هەڵکەوتووە، بەر لە سەدەیەک باڵیۆزخانەی هەبوو، لەگەڵ ئەوەش ئەم شوێنەی، وەک ناوەندی بازرگانی خۆی

لێ کردبوو، کەچی ئێستا بەگشتی سەرنجی خەڵکی فرەنسا، لەسای کارگێڕێکی ساکار کە مێزەر و کراسی عەرەبی لەبەردایە، لەم ناوچەیە هەڵگیراوە و باڵیۆزخانەکەی ڕوو بەرەو کاولییە. ئێستا ئەو فرەنساییانەی کە لەم شارە نیشتەجێن نە ماڵ و سەرپەنایەکیان هەیە، نە پشتیوانێک کە بیانگرێتە ژێر باڵوپەڕ و ئاگادارییان لێ بکا. بەپێچەوانەوە، ئینگلیز بۆ خۆی بینایەکی جوان و قایمی سازکردووە کە هەم شوێنگەی کارگێڕەکانێتی، هەم جبەخانەیە بۆ گەمییەکانی، هەروەها وەک دووکانێک وایە کە گشت کەلوپەلی بەکارهاتووی بۆ ڕۆژی تەنگانە تێدا کۆوە کردووە. بەم شێوەیە ئاشکرایە هێزی فرەنسا بەردەوام ڕوو لە ناوچوونە و هی ئینگلیزیش ڕوو بەرەو هەڵچوون. لەم ڕووەوە وا وێدەچێ بەر لە کۆتایی ئەم سەدەیە، هێز و دەستەڵاتی یەکیان بەتەواوی لەناو بچێ و هی ئەوی تریان وەها پەرەبستێنێ کە دنیا بخاتە لەرزەوە.

کەسێ لە بەغدا پەیدا نابێ کە دەم لە سیاسەت بکوتێ و باسی ڕامیاری بێنێتە ئاراوە، ئەوەی زیاتر بەسەر زمانەوەیە و لێی دەدوێن، باسوخواسی مەزهەبییە. ماوەیەکی دووروودرێژە کە لەم ناوچانە پڕوپاگەندەی مەزهەبی دەکرێ؛ بەتایبەت چەند ساڵێکە قەشەیەکی کاتۆلیک پەیدا بووە و خەڵک بەرەو مەزهەبی خۆی بانگهێشتن دەکا.

**پەراوێزەکان:**

٢٢. Kilich-Pacha ou Pacha du sabre: وەرگێڕی فارسی «خی لیش پاشا»ی نووسیوە.

٢٣. Saguermah: وەرگێڕی فارسی «ساغوئرماهـ»ی نووسیوە.

٢٤. Delau

٢٥. Karatepèh: وەرگێڕی فارسی «قاراتپە»ی نووسیوە.

٢٦. Delau-Abad

٢٧. Yenguidjià

٢٨. Bab-el-Kadem

٢٩. Loève Veimar

٣٠. Vidal

٣١. Byzance

٣٢. Porte

٣٣. Kardouks

٣٤. Montefiks, des Chamars, des Aboubiels, des Djerbabâhs

٣٥. باڵیۆزخانەی فرەنسا لە ساڵی ١٨٤٨ی زایینی؛ واتە حەوت ساڵ دوای دامەزرانی لە بەغدا هەڵوەشاوە.

* سەرنج: وەرگێڕی فارسی، شوێنەکانی هێندێ ئاڵۆز نووسیوەتەوە، من چەند شوێنم بۆ ڕاست بووەوە، بەڵام ئەوەی لێی دووشک بووم، لە پێش ناوەکە، نیشانەی پرسیارم (؟) داناوە. هەڵبەت لە «پەراوێزەکاندا» بەشێوەی نووسینی ناوەکان لەلایەن وەرگێڕەوە، ئاماژەم کردووە، هەروەها — بۆ بەراوردکردن — شێوەی لاتینی ناوەکانیشم بەپێی دەقی سەرەکی سەفەرنامەکە، هێناوەتەوە.


**سەرچاوەکان:**

١. فلاندن، اوژن (١٣٥٦)، سفرنامەی اوژن فلاندن بە ایران، ترجمەی حسین نورصادقی، چ سوم، تهران، انتشارات اشراقی.

٢. نالی (١٣٦٤)، دیوان نالی با شرح ملا عبدالکریم مدرس، چ دوم، ارومیە، انتشارات صلاح الدین ایوبی.

3. Flandin, Eugène-Napoléon, Voyage en Perse de MM. Eugène Flandin, Peintre, et Pascal Coste, architecte, attachés à l›Ambassade de France en Perse pendant les années 1840 et 1841 entrepris par ordre de M. le Ministre des affaires Étrangères d›après les instructions dressées par l›Institut, Paris, Gide et Jules Baudry, Editeur, 1851.